# فلامینگۆ*



چیرۆک

بەختیار کەریم

به درێژایی ئەو ماوەیە هەوڵیدەدا ڕامکێشێتە نێو سەما ئەفسوناویەکانی خۆیەوە، وەک شەپۆلی بزێوی دەریا دەڕژایە چێشتخانە بچکۆلەکەوە، ئەفسونی سەما هێمنەکەی هەموو قاپ و قاچەخەکانی دەهاویشتە ژێر کاریگەری جووڵەیەکی پڕ نەشئەوە و بەسەمای دەهێنان. من لە نێوەندی چێشتخانەکە و لەو جێیەی بارانی مۆسیقا نەیدەگرتەوە لە نێوان حەز و ڕق، پێکەنین و گریاندا ئیفلیج دەبووم و جوڵە لە جەستەمدا نەدەما. هەرچەندە فلامینکۆ بە زەردەخەنە پەمەییە پاکیزەییەکەیەوە و بە دەیان زمانی جیاواز بۆ سەما بانگهێشتی دەکردم، بە نیگا فریشتەییەکەشی هەمیشە بروسکە پڕ لە ئارەزووەکانی تێدەگرتم، کەچی ئەو کۆتەی لە دەست و پێیەکانی من ئاڵابوو هەرگیز ڕێگەی نەدەدا بەشداری سەما بکەم و پێیە لەرزۆکەکانم لەسەر ڕیتمی گۆرانیە نووربەخشەکانی فلامینکۆ بجولێنم.

هەر لە یەکەم ڕۆژی دەست بەکاربوونمەوە لەو چێشتخانە خنجیلانە فەرەنسیەدا، کە لە هەناوی شارێکی ئینگلیزیدا عاشقانی مۆسیقا و خواردنی فەرەنسی کردبویانە ژوانگە. فلامینکۆ بە پێستە سوور و سپییە ناسکەکەی و لەو پۆشاکە سپیە

فریشتەییەدا، کە بە ڕەنوە بەفری خوێناوی چیاکانی وڵاتی جەنگ دەچوو، سەرنجی بۆ لای خۆی ڕاکێشام و هاوشتمیە ژێر ڕەحمی نیگا و جووڵە ئەفسوناویەکانیەوە. دەموچاوی خڕی فلامینکۆ دوو چاوی هەنگوینی و لوتێکی ئێجگار تەخت و بچوکی لەخۆگرتبوو، پرچە زێڕینەکەشی کە هەندێک جار وەک برۆنز دەدرەوشایەوە لەسەمایەکی بێ ئاماندا لە نێوان شانوملی و ڕوومەتە پەمەییەکانیدا هاتوچۆیەکی شەرمنانەی دەکرد. لوتی هێند بچکۆلانە بوو لە دوورەوە هەر بە کچە لوتبڕاوەکانی وڵاتی عەشقکوژ دەچوو. گلێنە خڕەکانی چاوانی دوو کلۆ هەنگوین بوون، پێدەچوو شاهەنگێکی عەیار و بزێو لەکاتی شیلەگرتندا لەو پنتە قەشەنگەدا جێیهێشتبن کە هەر بە گوڵ دەچوو.

تادەهات گۆرانیە خێراو جەنجاڵەکان زیاتر گرمەیان دەهات، فلامینکۆ سەرمەستی نەشئە دەبوو چاوەکانی سوور هەڵدەگەڕان و لێوان لێوی شەهوەتێکی ئیلاهی دەبوون، جەستەی نووقمی سەمایەکی ئارەزوو بەخش دەبوو. سوور هەڵگەڕانی زیاتری سپێنە بەرینەکانی چاوانی منیان سەرمەستی خەیاڵ دەکرد، لەسەر پشتی هەورێکی سووربراوی تەڵخ و لە ئاسمانی یادەوەریەکی سیخناخ بە خوێن و جەنگەوە دەگەڕامەوە بۆ یەکلایی کردنەوەی جەنگە بێهودەکانم. لە کاسەی سەرە شەقوشڕەکەمدا گرمەی مۆسیقا و شریخەی تفەنگ دەنگێکی ئێجگار نامۆیان پێکدەهێنا. شەپۆلی دەریائامێزی جەستەی شەنگی فلامینکۆ لە سەمایەکی ئاویدا لەم سەری چێشتخانەکەوە هاژەی دەکردە ئەو سەری چێشتخانەکە، وەلێ لە گلێنەی لێڵی چاوانمدا فلامینکۆی سەرمەستی سەما دەبوو بە یەکێک لەو کیژانەی لەتاو ئازاری لوتی بڕاویان سەمای ژان لەسەر ڕیتمی چەقۆ بۆ جەلادەکانیان نمایش دەکەن. ئەو دیمەنە خوێناویانە و بەلاداهاتنی ئەو هەموو خەونە ناکامانە ناچاریان دەکردم پەلامارێکی شێتانەی فلامینکۆ بدەم، بەهیوای وەستاندنی ئەو سەما بێکۆتاییەی، کە لە جەستەی ئەودا چێژ و زیندەگی دەباراند و لەجەستەی منیشدا مەرگ و حەسرەت. وەلێ پەلامارە بێهودەکانم لە هەمبەر ئارەزوە ئاویەکانی ئەودا شکستێکی ئابڕوبەریان دەخوارد، ناچار بەژانەوە دەخزامەوە نێو زیندەخەونە خوێناویەکانم.

فلامینکۆ بەپێی گۆڕانی ئاوازە زبرەکان شێوازی سەماکەی دەگۆڕی، بە شێوازێکی نوێ و لە ئاسمانێکی گەشتردا سەراسیمەی بێئاگایی دەبوو، بەهەر چوارلادا وەک چۆن شنەبایەکی مەست بە ماچی باخچەیەکی ڕووت کە لە هەناوی شارێکی پاراوی قەراغ دەریادا بێ هیچ دیوار و بەربەستێک بەو ناوەدا وەک گەردی سەر جەستەی کیژێکی شەکەتی پاش شەوێکی درێژی ڕاموسان بڵاودەبێتەوە بڵاودەبوەوە. فلامینکۆ لەهەناوی مۆسیقاوە وەک شەونمی سەر جەستەی دوو عاشق لەکاتی سەرجێیدا دەتکایە سەر گەڵا وەریوەکانی رۆحم، وەلێ نە شوڕەبی وشکی

جەستەم بە گۆرانیە نەشئەبەخشەکانی دەکەوتە سەما و نە ژاڵەی  پاییزباری رۆحم بە سروە بەهارهێنەکانی چرۆی دەکرد.

فلامینکۆ بەچەشنی ئاوی بێئۆقرەی تاڤگەیەکی هەوەسباز درێژەی بەسەما هێمنەکەی دەدا، لە چاوانی مندا فلامینکۆ دەبوە یەکێک لەو سەدەها کچەی وڵاتی عەشقکوژ و سەمایەکی نەخوازراوی لەسەر ڕیتمی خرمەی چەقۆ تیژەکان دەکرد، کاتێک گەردنی هەڵدەبڕن و سەری پڕ خەونی وەنەوشەیی لە جەستەی کلۆمدراوی جیادەکەنەوە، ئەو کاتەی یەکەم سەما و دوا سەما دەبێتە پەلەقاژەیەکی شەرمنانەی بەرلە مەرگ لە بەردەم باوکە جەلادەکاندا. هۆڵەکە لێوان لێو دەبوو لە خوێن فلامینکۆ یان بڵێم کچە سەربڕاوەکان خوێنێکی پەمەیی لە سەرتاپای جەستەیان دەچۆڕا، کەچی دەستیان تەنها بەیەک جێگاوە دەگرت بەئومێدی ئەوەی سەربەرزانە جەستەی شەکەتی وەنەوشەییان لەبەردەم مردووو شۆرەکاندا نمایش بکەن.

فلامینکۆ بە چیڕۆکە خوێناویەکانی من سەراسیمە دەبوو بە پەرۆشەوە وەک مناڵێکی گوێرایەڵ گوێی شل دەکرد، لەگەڵ ووشە بە ووشەی سەرگوزشتە تەماویەکانی مندا ڕەنگەکانی دەموچاوی لە نێوان کاڵ و تۆخ دا پیاسەیەکی بێئۆقرەی کۆلانەکانی نیگەرانیان دەکرد. قەڵا قەڵا و مەتەرێز مەتەرێز لەتەک جەنگاوەری چیڕۆکەکانمدا هاتوچۆی تاساو و سامناکی دەکرد. لەگەڵ خوێناویتر بوونی چیرۆکەکانمدا و لەو جێگایەی دەگەیشتنەوە بەوەتیرەی شەڕ و کوشتار، فلامیکۆ وەک مناڵێکی ترساو لێوان لێوی گریانێکی بەکوڵ دەبوو، من و چێشتخانەکەی جێدەهێشت.

زۆری نەدەبرد کەڵکەڵەی بیستنی چیرۆکە شەڕانگێزەکانی من وەک تایەکی هەوەسباز ناچار بەگەڕانەوەیان دەکرد، دەپاڕایەوە کە ئەو چیرۆکانەی بۆ بگێڕمەوە کە نەوەی هیچ جەنگێک نین و لە خوێن بێبەرین و هەڵمی عەشقێکی گەرمیان لێ هەڵدەستێت، بەپەرۆشێکی مناڵانەوە تکای لێ دەکردم ئەو سەرگوزشتانەی بۆ باس بکەم کە بە ئاسمانی کوشتاردا تێناپەڕن و ژێرزەمینەکانیان کانگای ئەشکەنجەنین.

هەرچی ووزەی چێرۆکخوانی هەیە دەمخستە گەڕ تا ئەو داوا بزوێنەرە کچانەیەی بەجێ بگەیەنم، وەلێ بەبێ ئەوەی بە خۆم بزانم خوێن دەزایە چاوی چیرۆکم و لە نێوان پەرۆش و واقوڕمانی فلامینکۆدا و لە ئامێزی جوگرافیای وەتیرەکانمدا گێژەڵوکەی جەنگ هەڵی دەکرد و بەهاری بێدەنگی فلامینکۆی بە پاییزەگریان دەگۆڕی. جەستەی وەک شۆڕەبی سەر کانییەکی خامۆشی بادار دەکەوتە سەما، وەلێ ئەم جارە سەمایەکی خەمناکی ئامێزی مۆسیقای نیگەرانی، لێوە تەنکە پەمەییەکانی لە نێوان ترس و تاساندا شەقەیان دەهات و نیگا شەهوانیەکانی بە تەماشایەکی تورە و ئاوی

دەگۆڕان. فلامینکۆ منی وەک ئەو جادوگەرانە دەبینی کە وەستایانە چیرۆکی ئەفسانەیی بە شێوەیەک دادەتاشن، کە لە توانای خەیاڵدا نیە بەو سامناکییە هەڵیان ببەستێت.

من و فلامینکۆ دوو جیهانی تەواو ناتەباو جیاواز بووین، ئەو جەستەیەکی ئاوەدان بە نەشئەی مۆسیقا و سەمای خۆشبەختی، سیخناخ بە پاکیزەییەکی پەمەیی، منیش وێرانە خاکێک لە پاشماوەکانی جەنگ و ئاشوب. فلامینکۆ لە ڕێگە تایبەتەی و هێمنەکانی خۆیەوە جەنگە پڕ لە کچێنیەکانی لەگەڵ مندا یەکلایی دەکردەوە، لە هەمبەر جەبەروت و پیاوەتیە بڕشت لێبڕاوەکەی مندا وەک نەورەسێکی ئەفسوناوی شەڕی بە سەما دەهێنا. بۆ منی بێئومێد و بێخەون ئەستەم بوو خۆم بدەم بە دەست ئارەزوە مێینەکانی فلامینکۆوە، ئەو ئارەزوانەی تەمی ژیانیان لێهەڵدەستا و ڕەنوە بەفرێکی حاڵگرتوو بوون بۆ ئاوازی هەر ئاسمانێک هەرەسێکی سەما ئامێزیان دەکرد. هەر وەک بۆ ئەویش مەحاڵ بوو بتوانێت من ڕابکێشێتە نێو کایە بزێو و نەشئەدارەکانی خۆیەوە، منێک کە بۆچڕوکی مەرگم لێ هەڵدەستا و قوڕاوێکی مەنگ بووم لە ڕق و بەدبە ختی.

ناچار بڕیارمدا فلامینکۆ جێبهێڵم و بەرە و کانگای چیرۆکە خوێن پڕژێنەکانی خۆم سەرهەڵبگرم، وەلێ تا ئێستاش لێرەولەوێ فلامینکۆکان وەک بارانێکی بزێو بە سەرما ڕەهێڵە دەکەن، و ئەرخەوانیرەنگ دەچنەوە لە باخچە دوورە دەستەکانی ئەڤیندا. کیژە لوت و گوێ براوەکانیش وەک پوورە هەنگێکی بێ شار بۆن بە هەلالەی ژیانی ئەڤیندارییی ئەوانەوە دەکەن، لە منیش دەخوازن چیرۆکی عەشقی پڕ لە خۆشبەختی فلامینکۆکان بۆ گوێچکە بڕاوەکانی ئەوانی بەدبەخت بگێڕمەوە.

پاییزی 2001

**فلامینکۆ :- جۆرە سەمایەکی ئیسپانیە، وەک ناوێکی مێیینە لەم چیرۆکەدا بەکار براوە.**